عاشقم ب□ام شێت نیم !.. سەدیق سەعید ڕواندزی

کۆمەڵگەی کــوردی (مەبەســتم بــاشوورە) پڕە لەو نەریتە دۆگمــا و خیڵەکی و میللی و دواکەوتووانەی مایەی ئازارێکی قووڵن بۆ مر□ق و وێرای ئەو هەموو بە ناو ژیاریبوونە و پێشکەوتن و کرانەوە هزرییە، لە ڕێگەی پێشکەوتنە ژیــاریی و زانســتییەکانی ســەردەم، کەچــی بە داخەوە ئەو نەریتــانە هەر وەك خۆیــان مــاونەتەوە. یەکێکیــش لە بێ ماناترین و پڕ ئازارترین ئەو نەریتانە، چوونە نێو ژیانی تایبەتی کەسەکانە و پرسیارکردنە لە بارەی دۆخی کۆمەڵایەتی و ژینگەی کەسی و خێزانی و پیشە و داهات و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئایدیای سیاسی و چەندانی تر. من بە سرووشت، کەسێکی گۆشەگیر و تەنیام و حەزم لە تەنهاییە و ئەم خووەش لە منداڵییەوە بۆم دروست بووە، ئیدی بە ئێستاشەوە زۆر ئارەزووی تێکەڵبوون و چوونە نێو بازنەی کۆمەڵایەتی و گەڕان و دەرچوون و ژیانی ڕووکەشیانە ناکەم، بە تایبەتیش کە خۆم هێشتا نەچوومەتە نێو قەفەزی ژەنگاوییی□و□ (و□ك ئ□و□ی □□زانەپێم دەگوترێت) هێشتا هەر سینگڵم، بۆیە نزیکترین هاودەم لە ڕوحم کتێب و خــوێنــەوەیە. ئەو کاتــ□شی دەمەوێــت کەشێــك بگۆڕم، پیاســەیەکی تەنیای شار دەکەم . بە تەنها پیاسە کردن بۆمن، هەمان دنیای نێوکتێب و خوێندنەوەیە، چونکە سات وا بووە، بە ڕێگەوە بیرۆکەی وتارێکم بۆ هاتووە، دیاردە و باسێکم بیر هاتۆتەوە، سەرنجم لە ژینگە و ڕەفتاری مرۆڤەکان داوە. لە تەنهاییدا، مر□ق ت□نها نییە وەك ئەوەی کۆمەڵگەی ئێمە تێــی گەیشتــووە، بەڵکــو ســەرێکە و هەزار ســەودای هەیە. پەشێــوی مەزن لەم ڕووەوە شیعرێکــی جــوانی هەیە و دەڵێت:

کە من بێ دەنگم تۆ مەمدوێنە
تا میوەی داری سەرم پێ ڕانەگا
چڵی زمانم ڕامەوەشێنە
کە من بێ دەنگم وامەزانە دەست بە تاڵم
لە ناوەوە وەك بەدالەی تەلەفۆنم
لە هەزار لاوە سەرقاڵم

پیاســەکردن بە تەنهــا لە کۆمەڵگەی ئێمە، بە جۆرێــك لەنــامۆیی کۆمەڵایەتی و نا ئاساییبوون لێك دەدرێتەوە. گەر تۆ تەنها بیت، خەڵك لە خەیاڵی خۆی بیری بۆ ئەوە دەچێت، کە تۆ شێتی یان عاشق ! بۆیە کاتێ بە لاتــدا ڕەت دەبــن، بە چاوێکی نامۆ و بە سەرنجەوە

تەماشات دەکەن. زۆرجار لەکەشی بارانا ویـیـدا، ئەو دەمەی دڵۆپە بارانـەکە وەستاوە، من چەترەکەم هەڵداوە، کەسانـێك پێیان گوتوم(بۆچی چەترەکەت هەڵداوە خۆ باران نابارێت مامۆستا) وەك ئەوەی من نەزانم باران وەستاوە ! بەڵام ئەم کەش وکاتە خۆشترین هەست وچێژ بە من دەدات. من کاتێ بە تەنها دەبم و بە کوچە و کۆڵانەکانی شار و لێوارە جوان و دڵگیرەکانی خەرەند دەسووڕێمەوە، دەچمە نێو جیهانە تایبەتی و کەسیەکەی خۆمەوە کە نە کەس هەستی پێ دەکات، نە کەسیش پەی پێ دەبات جگە لە خۆم، بەڵام وێرای هەموو ئەم هەستە تەژی لە چبـَــژو بیرکردنەوانەش، بە داخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، تەنیا بوون، یان نەچوونە نێو ژیانی هاوسەرگیرییـەوە، هەمیشە لەکەیەکە بە تەوێڵتەوە، بۆیە کە بە تەنیا دەگەڕێیت، کەسانێك وەك شێت، یان عاشق سەیرت دەکەن، ڕەنگە من عاشق بم بەڵام شێت نیم، چونکە دەشێ مرۆڤ عاشقی کتێب، نیشتمان، سرووشت، تەنهایی، ژن بێت. ئەمانە بەشێکن لە تایبەتمەندی و ژیانی مرۆڤەکان و نابـێ کەسەکان بڕوایان وابـێت دەبـێ هەمووان هەر ل□گ□□□ عامێ بچینە شامێ، کە من خۆم هەرگیز وانەبوومە و واش نیمەو هەمیشە دژی ئەو قسە بێ مانایەش دەبم. بێگومان من لە شارێك دەژیم، بە خۆشحاڵی و سەربەرزییـەوە دەڵێم شاری ئەدەب و ڕۆشنبیرییـە، بەدەگمەن ڕوودا وێك، تاوانێك، لادانێك و دیاردەیەکی نەشیاوی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی لێ ڕوو دەدات، من مەبەست ئەوە نییـە، بەڵکو دەبێ ئێمە وشیاربینەوە لەوەی کە مرۆڤەکان ناشێ هەموویان وەك یەك بن. مەرج نییـە ئەوەی تەنها بێت، ئیدی دەبێ بە چاوێکی نامۆ سەیر بکرێت و فڕێ بدرێتە دەرەوەی بازنە کۆمەڵایەتییـەکە، بە پێچەوانەوە ژیانی مرۆڤەکان، پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، چۆن دەژیـن و چـی دەکەن، ڕێ پێدراوە تا ئەو ئەندازەیەی تۆ شوناس و ئازادی بەرانبەرەکەت پێشێل ناکەیت و ناسڕیتەوە، بۆیە دەبێ مرۆڤەکانمان بوێت وەك ئەوەی کە هەنە، نەك وەك ئەوەی کە ئێمە د□م□انەوێت، بەداخەوە ئەمەش پەیوەندی بە ناهوشیاری کۆمەڵگەوە هەیە و هەموو ناهوشیاریەکیش لە غیابی کتێبەوە دروست دەبێت !

سەرنج: لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆ مرۆڤە بەخشراوەکان، کە من ڕێزێکی بێ پایانیان لێ دەگرم، مەبەست لە شێت توانج و شکانەوە نییـە، بەڵکو ئەو ڕوانینە خێڵەکی و میللیی□یە کە مرۆڤەکان هەیانە، چونکە وا دەزانن گەر کەسێك ب□ تەنها سوڕایەوە، ئیدی ئەوە تەواو نییـە.

سەدیق سەعید ڕواندزی